# ماسۆسپۆندایلوس

Massospondylus = Mass - o – spon – die – luss



## تایبەتمەندی:

مانای وشەیی ماسۆسپۆندایلوس، بەواتای مۆغەرە زەلام ـە . ئەو چەشنە دایناسۆرە خاوەنی ملێکی یەکجار زۆر درێژ ، سەرێکی زۆر بچکۆلانە و کلکێکی زێدە درێژ بوون. دوو قاچەکانیان گەلێک درێژتر و بە تواناتر لە دەستەکانیان بوون و لەوانەیە توانیبێتیان زۆر بە هاسانی لە سەر دوو پێیان بەرز ببنەوە و ڕاوەستن.



ماسۆسپۆندایلوس

هەر یەک لە دەستەکانیان پێنج پەنجەی درێژیان هەبووە کە هەر قامکەیشیان چەنگوڕێکی تیژ و قایمی بەسەرەوە بووە. وا وێدەچێت کە ئەو چنگ و نینۆکانە سەرەڕای ڕۆیشتن و غاردان، بۆ هەڵگرتن و گرتنی خۆراک و تەنانەت پڕ پێداگرتن و شەڕ و بەرگریش کەڵکی لێ وەرگیرابێت.



## خورد و خۆراکی ماسۆسپۆندایلوس :

ماسۆسپۆندایلوس گیانداریکی شینکەخۆر بووە و لە گوڵ و گەڵا و بەر و بومی درەختان خواردوویەتی. بەپێی ئاسەواری فۆسیلیی ئاشک و ڕیخوڵەی فۆسیلی ئەم گیاندارە، دەردەکەوێت کە هاودەم دەگەڵ خواردنی گژ و گیا، خڕە بەردیشیان قووت دابێت. هەروەکی چۆن پەلەوری سەردەمی ئێمە لە دەمی چینەکردندا وردەبەردان قوت دەدەن تا لە گاسترۆلیت(سیکەتۆرە) دا دەنک و دان وردبکەن، ئەو گیاندارش هەر ئەم کارەی کردووە.

درێژایی بەژن و باڵایان، لە تەپڵی سەریانەوە هەتا بنەی کلکیان، نزیک بەچوار مەتر ، بەرزایی لەش و لاریان (1.6مەتر) و کێش و قورساییەکەیشیان 235 کیلۆ مەزندە کراوە.

## سەردەمی ژیانی ماسۆسپۆندایلوس:

ماسۆسپۆندایلوسەکان لە درێژەی دەورەی ژوراسیکی سەرەتایی ، واتە لە نێوانی 194 هەتا 205 ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستادا ژیاون. ئەم چەشنە دایناسۆرە، کۆن و قەدیمیترینی دایناسۆرەکانی سەر ئەم زەمینە دەژمێردرێن و دەکرێ بگوترێت سەرتایفە و سەرقافڵەی هەموو دایناسۆرەکان بوونە.



## شوێنی ژیان و دۆزینەوەی فۆسیلی ماسۆسپۆندایلوس:

زۆربەی ئاسەواری فۆسیلیی ئەم گیاندارە لە وڵاتانی ئەفریکایی(نامیبیا، زیمبابوەی و ئەفریکای باشوور) هەروەها لە پێدەشتەکانی ئاریزونای ئەمریکای باکوور دۆزراونەتەوە. شوێنەوارناس و دێرینەناسێک بەناوی (ڕیچارد ئەون) لە ساڵی 1854 ناوی لێناون.



ڕیچارد ئەون



ڕادەی فام و پلەی بەهەری هۆشی ماسۆسپۆندایلوس :

ئەو چەشنە دایناسۆرە لە بەرەی ساورۆپۆدەکان بوون . بەرەی ساورۆپۆدەکانیش لە ڕیزەی دایناسۆرە کەم فامەکان دا بوون و بەهرەی هۆشیان لە پلەیەکی نزم دا بووە.



چەند نموونە لە فۆسیلی ماسۆسپۆندایلوسەکان :






© Bruce G. Marcot




B






1
2
3